**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# دادگای باڵای تاوانەکان پشتگیری لە بەڵگانەمانی چاك دەکەن سەبارەت بە ئانرات

پێنجەم دانیشتنی پێداچونەوەی دۆزی ئانرات , ڕۆژی 25–4–2007 کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی بەڕێوەچوو , داواکاری گشتی بەڕێز مینیکس لە 55 لاپەڕە وەڵامی داوای پارێزەرانی ئانراتی دایەوە , لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی بەو نامانە کرد کە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە ڕێگای ناوەندی چاك ەوە لە بەرواری 19–4–2007 گەیشتۆتە دەستیان و پشتڕاستی دۆکۆمێنتەکان دەکاتەوە لەسەر ئانرات , هاوکات لە 24–4–2007 هەمان نامە ڕاستەوخۆ گەیشتۆتە دەست وزارەتی دادی هۆڵەندی , داواکاری گشتی ئاماژەی بە نامەکەی گروفتیش لە بەریتانیا دا کە دژ بە ئانرات نووسراوە.

هاوکات داواکاری گشتی وتی : ئەگەر گومانمان لەو بەڵگەنامانە هەبوایا بەکارمان ناهێنا .

لە ڕاپۆرتەکەیدا داواکاری گشتی جارێکی دی داکۆکی لە کۆمپانیاکانی هۆڵەندی " کەی بی ئێس , مەڵخەم " کردەوە , ئاماژەی بەوە دا دوای قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە عێراق ئەم کۆمپانیایانە هیچیان بە عێراق نەفرۆشتووە .

جارێکی دی ئاماژەی بەو بەرنامەیە دایەوە لە کەناڵی نێت ڤێرك ئەنجامدرا بووە هۆی ئەوەی داواکاری گشتی پێشوو فرێد تەیفن لێکۆڵینەوە ئەنجامبدات دژ بە ئانرات .

هەروەها ئیدعاکانی پارێزەرانی ئانرات لە سەر ناردنی مادەی کیمیاوی بۆ عێراق لە بەریتانیاوە ڕەتکردەوە , ئاماژەی بەوە دا لە هیچ ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە نەدراوە لە بەریتانیاوە مادەی تی دی جی چوبێت بۆ عێراق .

لە کۆتایدا پارێزەرانی ئانرات سەرباری ڕەتکردنەوەی نامەکانی دادگای باڵای تاوانەکان و نامەکەی گروفتی وتیان : بۆ بە تەنها ئانرات پێشکەش بە دادگا کرا , نەك کۆمپانیاکان دیکە , کەسانی دی " ئەی , بی " کە لە هۆڵەندان .

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیان وتیان : نابێت هاوکاری دادگای باڵای تاوانەکان قەبوڵ بکرێت , چونکە لە عێراقدا ئیعدام هەیە .

پارێزەری قوربانیان بە داوای کاك شەوکەت شێخ مەمی دەستی پێکرد , کە داوایکردبوو لە دۆکۆمێنتی کۆتایی لە بڕی دەستەواژەی باکووری عێراق وشەی کوردستانی عێراق بەکاربهێنرێت , ئەمەش داواکارییەکی ژیرانە و ورد بوو , جێی سوپاس و دەستخۆشی هەموو کوردێکە .

**ناوەندی چاك**

2007–4–25